# قوتابێتی - 1

## وانەی شەشەم

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداری کردن

### ئینجیلی مەتا

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەلۆوتی تایبەت بخوێنەوە) لەو زانیارییانەی کە لە خەلۆوتە روحییەکان فێری بوون سەبارەت بەو برگە کتێبییانەی دیاریکراوە بۆتان (مەتا18: 21 - 21: 46) لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی بەشداری کردنەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، و بە راستی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوەی دەیڵێت و قبوولی بکەن. کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## دەرخکردن

### متمانەی سەرکەوتن

1کۆرینسۆس10: 13

**ئـ ) هاندەری دەرخکردن**

**بخوێنە:** (مەتا19: 3-6) (لۆقا10: 25-26).

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** گرنگی دەرخکردنی هەندێ ئایەت یاخود برگە یاخود بەشەکانی کتێبی پیرۆز چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو ئایەتانەی دەرخی دەکەیت یارمەتیت دەدەن ژیانێکی پاك و پیرۆز بژیت لەم جیهانە چەوتەدا.

**ب ) رامان**

| ئایەتەی دەرخکردن لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | متمانەی سەرکەوتن<br>*﴿تاقیکردنەوەتان تووش نەبووە مرۆڤانە نەبێت، بەڵام خودا دڵسۆزە، کە نایەڵێت زیاتر لە توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوە رێگای دەرچوون دەکاتەوە تاکو بتوانن بەرگە بگرن﴾*. (یۆحەنا16: 24) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |
|---|---|---|

**1** سەرچاوەی تاقیکردنەوەکان و سروشتەکەی

**ئـ)** ئەزموون شتێکە خودا داینابوە، بۆ ئەوەی وشیاری و هێزت زیاد بکات. هەروەها بونیادت بکات لەباوەڕ (یاقوب1: 2-4، 12). بەڵام تاقیکردنەوە شتێکە دانرا بۆ ئەوەی هەڵەت پێ بکات، تاوەکو هەمیشە بەرەو رێگای دۆڕانت ببات لە ژیانتدا. لە سەرچاوەی تاقیکردنەوەکانی ژیانمان: ئەو سروشتە هەڵەیەی تیاماندایە (یاقوب1: 13-15)، جیهانی هەڵەی دەوروبەرمان (1یوحەنا2: 15-17)، شەیتان (لۆقا4: 1-13).

**ب)** هەموو خەڵکی رووبەڕووی هەمان جۆری تاقیکردنەوە دەبنەوە. دەکرێ هەرکەسێك ئەو تاقیکردنەوەیە دەستنیشان بکات چونکە لە هەموو جیهاندا روودەدات. هەروەها بە درێژایی مێژوو دووبارە دەبێتەوە.

**2** دڵسۆزی خودا کاتێك رووبەڕووی تاقیکردنەوە دەبیت

**ئـ)** خودا رێگا ناداتە هیچ تاقیکردنەوەیەك کە لە تواناکانمان زیاتر بێت و لێمان بباتەوە! خودا لە تاقیکردنەوەکانمان گەورەترە هەروەها خودایەکی دادوەرە. هەرگیز رێگا نادات کە تاقیکردنەوەکانمان لە توانامان زیاتر بێت بۆ ئەوەی بەرگری تاقیکردنەوەکە بکەین. هەروەها خوادا هەمیشە رێگایەکمان بۆ دابین دەکات تاوەکو بتوانین هەڵبێین لە تاقیکردنەوەکە!

**ب)** کاتێك لە نزادا دەڵێین: *﴿مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو رزگارمان بکە لە شەیتان﴾* (مەتا 6: 13) ئەوە ئێمە لە خودا

داوادەکەین بە دەسەلآتی خودایی خۆی هەوڵمان بۆ بدات تاوەکو ئێمە هەڵنەستین بە چارەسەرکردنی گێشەکان بە پێ سروشتی گوناهەمان. کاتیك کە پشت بە خودا دەبەستین و نزا دەکەین ودەلێین (تکایە باوکی ئاسمانیمان، ریمەدە توشی تاقیکردنەوە ببم). ئەو کاتە خودا زرگارمان دەکات لەو دۆخە خراپە (مەتا 6: 13).

پ) بۆچی خودا رێ دەدات توشی تاقیکردنەوە ببین؟ لەوانەیە شەیتان یان جیهانی هەڵە یان ئەو سروشتە گوناهەیەی تیامانداپە هەوڵ بدات لە رێگای تاقیکردنەویەك بەرەو دوراندنمان ببات. بەڵام خودا دەتوانێت هەمان تاقیکردنەوە بەکار بێنێت بۆ بونیادنان. لەوانەیە پاساوێك ببێتە تاقیکردنەوە بە بیروبۆجوونی شەیتان. بەڵام بەلای خودا ئەوە ئەزموونە. لەوانەیە خودا وەك ئەزموونێك رێگات بدات کە بە گوناهە تاقیبکرێیتەوە. بەڵام هەرگیز نایەوێت تۆ سەرنەکەویت لە تاقیکردنەوەکەت. لەم دۆخەدا دەتوانیت بەم جۆرە نزا بکەیت: (خودایە تکات لێدەکەم نعمەتێکم پێببەخشیت تاوەکو سەرکەوتووبم لەو ئەزموونەی بۆمت داناوە!) بۆ نمونە خودا رێگای دایە شەیتان بۆ ماوەیکی زۆر ئەیوب تاقیبکاتەوە. بەڵام ئەیوب پشتی بەخودا بەستا و بووە کەسێکی بە توانا و چەسپاوتر لە باوەڕی بە خودا.

ت) لەوانەیە خودا رێگا بدات بە کەسێك بەپێی سروشتی گوناهەی خۆی هەڵسووکەوت بکات و توشی تاقیکردنەوە ببێت. خودا مافی تەواوی هەیە هیچ پەیوەندییکی نەبێت و یارمەتیت نەدات. ئەو کەسانەی کە نزا ناکەن و پشت بە خودا نابەستن ناتوانن بشت بە دڵسۆزی خوداش ببەستن (یاقوب4: 2). بۆیە کاریگەری تاقیکردنەوەکە زۆر سەخت دەبێت لە سەریان و ناتوانن هەڵبێن لە تاقیکردنەوەکە. بۆ نمونە کاتێك کە خەڵکی راستییان ناوێت و راستی بە درۆ دەگۆرن، ئەوە خودا دەیانداتە دەستی گڵاوی و ئارەزوە هەڵەکانیان (رۆما1: 24-25). بەبێ خودا کەس ناتوانێت سەربکەوێت بە سەر گوناە.

**3** رێگای کرداری بۆ هەڵهاتن لە تاقیکردنەوە

ئـ) هەڵبێ لە سەرچاوەی تاقیکردنەوە. پێویستە هەڵبێیت لەم تاقیکردنەوەوانە: کاری رەگەزی و نارەوشتانە. (پەیدابوون39: 12) (پەندەکان4: 14-15، 23، 27، 5: 1-23) (1کۆرینسۆس6: 18). پەرستنی بت (1کۆرینسۆس10: 14). خۆشەویستی پارە(1تیمۆساوس6: 9-11). هەوەسە لاوییەکان (2تیمۆساوس2: 22) (1پەترۆس4: 3-1).

ب) یەکسەر ملکەچی خودابە. (عیبرانییەکان2: 18). بە خێرایی نزیکبەرەوە لە خودا و نزاکانتی بۆ بەرز بکەوە (مەتا7: 7-11) (یاقوب4: 8). ئینجا بەرگری شەیتان بکە، ئەوەیش لێت هەڵدێت (یاقوب4: 7) (1پەترۆس5: 8-9).

پ) یەکسەر پەنا بەرە هاوەڵی لەگەڵ باوەڕداران. (گۆمکار4: 9-10).

ت) یەکسەر دەستبکە بیرکردنەوە بە بیرۆکەکانی خودا. هەندێك لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز دەرخبکە وبەکاریان بێنە- بەتایبەتی لەو کاتانەی کە رووبەرووی درۆ و بیرۆکە خراپەکان دەبیتەوە (ئەفەسۆس6: 16). یان بیرۆکە گڵاوەکان (زەبووری119: 11،9).

ج) یەکسەر وەڵامدەربە بۆ پەیامی خزمەتی مەسیحی رێك و رەوان. (لۆقا6: 27-28) (مەتا5: 38-42) کارێکی رێك و رەوان ئەنجامبدە بۆ خۆت یان یارمەتی کەسیکبدە (یۆحەنا3: 9-11).

چ) دەسەڵاتی روحیت بەکار بهێنە فەرمانبدە شەیتان بەناوی عیسای مەسیح دووركەویتەوە لێت. (مەتا4: 3-4) (کردار16: 18).

ح) ئاگاداربە و نزابکە. بە تایبەتی کاتێك هەست بە تاقیکردنەوە دەکەیت یان لە جەنگێکی روحیدا دەبیت (مەتا26: 41).

خ) ئاگاداری ئاواتە هەڵەکانبە. (1تیمۆساوس6: 9)، هەروەها نەریتی خراپ (ئەیوب31: 1).

د) یەکسەر بلێ (نەخێر)! سەبارەت بەو شتانەی هەڵخەڵەتێنەرن. (پەیدابوون39: 9-10)، هەروەها پلانە دڕندەکان (یۆحەنا8: 3-8).

**پ )**

**دەرخ کردن و پێداچوونەوە**

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکان لەسەر کاخەزێکی نوێ بنووسە یان لەناو پەڕاوی تێبینییەکان.

**دەرخ کردن:** ئایەتە کتێبییەکان بە شێوەیەکی راست دەرخ بکە. متمانەی سەرکەوتن: (1کۆرینسۆس10: 13).

**پێداچوونەوە:** گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی، هەر کەسێك دڵنیا بێت لەوەی هاورێکەی ئایەتی دەرخ کردووە.

## من کێم؟

ئەفەسۆس2: 1 - 22

**هەنگاوی 1 بخوێنە**

**بخوێنە:** با پێکەوە (ئەفەسۆس2: 1- 22) بخوێنین. با بە نۆرە بخوێنین، بە شێوەیەك هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنی بڕگەکە بە تەواوەتی.

**هەنگاوی 2 بدۆزە**

**بیربکەرەوە:** ئەو راستییە چییە کە بەلاتەوە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو راستییە چییە کە چووە ناو مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یاخود دوو راستی بدۆزەرەوە کە تێیان بگەیت، و بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەژداری کردن:** (دوای ئەوەی ئەندامانی گروپەکەت هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن. بیرۆکەکانتان بە نۆرە بەشدار بکەن). با نۆرە بگەڕێن بۆ بەشداری کردنی ئەو شتانەی هەر یەکێك لە ئێمە دۆزیویەتەوە. (ئەمانەی خوارەوە نموونەن بۆ ئەوانەی بەشداری ئەو شتانە دەکەن کە دۆزیویانەتەوە. لەبیرتبێت، لە هەر گرووپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەشداری دەکەن. گرنگ نییە ئەو شتانە وەك یەك بێت).

**دۆزینەوەی 1** بەلای منەوە راستی گرنگ لەم دوو ئایەتادا نوسراوە ئایەتی 8 و9. بۆم دەرکەوت کە من زرگاریم بە نعمەتی خودا بەدەست هێنا نەك بە کارێك پێی هەستابم! پێش ئەوەی عیسای مەسیح قبوڵ بکەم لە ژیانم و لە دڵم. وامدەزانی کە پێویستە هەستم بە ئەنجامدانی هەموو ئەرکە ئاینییەکانم هەموو رۆژێك، هەروەها پێویستە کاری باشی زۆر بکەم بۆ ئەوەی خودا رازیبکەم. هەروەها وا بیرم دەکردەوە، ئەگەر ئەم هەمووانە بکەم ئەوە خودا ژیانم ئاسوودە دەکات، هەروەها لە پاش مردنم جێگام دەبێتە بەهەشت. پەیوەندیم بە خودا بەلای منەوە وەك گرێبەست وابوو وام دەزانی ئەگەر من شتێکم کرد بۆ خودا پێویستە ئەویش شتێکم بۆ بکات بەرامبەر بەوەی کە من کردم! بەڵام ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە ئەو خودایەی کە خۆی ئاشکراکرد لە کتێبی پیرۆز رزگارم دەکات بەهۆی نعمەتەکەی نەوەك بە هۆی کارێك کە من ئەنجامم دابێ! هەروەها ئەوەم زانی کە کاری زرگاربوون کە خودا لە پێناوم ئەنجامیدا، کارێکی تەواو و بێ کەم و کوڕییە، هەرچەندە رەنجی من دوورە لە تەواوی کەم و کوڕی! بەم شێوەیە، بۆم دەرکەوت کە رزگاری راستەقینە بەخشینێکی خۆراییە وکەس ناتوانێت بیکڕێت یان بەرەنجی خۆی بەدەستی بهێنێت!

---

**دۆزینەوەی 2** بەلای منەوە راستی گرنگ لە ئایەتی 18 نووسراوە. بۆم درکەوت کە دەتوانم بجمە حزوری خودای زیندوو! زۆر کەس دەڵێن خودا میهرەبانە بۆیە کەس ناتوانێت بە شێوەیێکی کەسی بیناسێت، یان قسەی لەگەڵ بکات، یان لەگەڵی بژیت. زۆر کەس ئاواتی ئەوەیە کە پەیوەندی کەسی لەگەڵ خودا هەبێت. بەڵام سەرەرای ئەو هەموو هەوڵدانە، ناتوانن هیچ جۆرە پەیوەندییێك

تاقی بکەنەوە لەگەڵ خودا. لەبەر ئەوەی گوێیان لە وشەکانی خودا نابێت و کارەکانی نابینن، وابیردەکەنەوە کە خودا بوونی نییە. بەڵام کتێبی پیرۆز دەڵێت ئێمە دەتوانین کارەکانی خودا ببینن بە ڕێگای بەدیهێنەرەکانی. هەروەها گوێبیستی دەنگی ببم لە ڕێگای کتێبی پیرۆز و بە دڵم، هەروەها هەست بە چاودێری خودا بکەم لە هەموو ڕووداوەکانی ژیانمدا. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە ڕێگایەکی ڕاستی هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خودا، ئەویش عیسای مەسیحە. خودا لەڕۆناکیدا دەژیت، کەسیش ناتوانێت لێی نزیك ببێتەوە! سەرەڕای ئەوەش خودا خۆی لەمن نزیك بووەوە. خودا خۆی کردە کەسێکی بینراو لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە. سەرەڕای ئەوەش خودا هەموو پێویستی ڕزگاریمی ئامادەکرد. عیسای مەسیح خۆی کرد بە قوربانی بۆ کەفارەتی گوناهەکانم! کاتێکیش کە باوەڕم بە عیسای مەسیح هێنا کرێی گوناهەکانمیدا، کردمی بە کەسێکی بێ تاوان لە بەر چاوی خودای باوك. عیسای مەسیحم قبول کرد لە دڵ و ژیانم. پاشان خودا هات (ڕوحی پیرۆز) و لەناخمدا جێگیر بوو، بە هۆی ڕوحی پیرۆزەوە پەیوەندیم دەبێت لەگەڵ خودا. هەروەها ڕوحی پیرۆز یارمەتیم دەدات لە هاوەڵی لەگەڵ خودا. ڕوحی پیرۆز لەمندا دەژیت و یارمەتیم دەدات ڕاستی خودا تاقی بکەمەوە! هەروەها دەتوانم لە ڕێگای ڕوحی پیرۆز لە حزوری خودا ئامادەبم، لە حزوری خودا دەتوانم گوێبیستی دەنگی خودابم کاتێك بە شێوەی کەسی لەگەڵم دەدوێت. هەروەها دەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم و ژیانم بژیم بە پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵی.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیار ئاڕاستە بکە**

**بیربکەرەوە:** چ پرسیارێك ئاڕاستەی ئەم گرووپە دەکەیت، سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییە تێبگەین کە لە (ئەفەسۆس2: 1- 22) نووسراوە، پاشان هەندێ پرسیار بکەین سەبارەت بەو شتانەی کە تێینەگەیشتووین.

**بنووسە:** ئاگاداربە لە داڕشتنی شێوەی پرسیارەکەت کە بە ڕوونترین شێوەبێت. دواتر پرسیارەکە لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەشداری بکە:** پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوایان لێ بکە بەشداری بکەن بە دەربڕینی پرسیارەکانیان).

**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵبدە وەڵامیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).

(ئەمانەی خوارە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەڕێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

**پرسیاری 1** (ئەفەسۆس2: 1) ئەوە واتای چییە (مردووبم بە گوناە و هەڵەکانم)؟

**تێبینییەکان:** ئەم ئایەتە باسی دۆخی من دەکات پێش باوەڕهێنانم بە عیسای مەسیحی خوداوەند. بەبێ عیسای مەسیح (بە جەستە زندوو بووم) بەڵام (بە ڕوح مردوو بووم) سەرەڕای ئەوەی کە نانم دەخوارد و دەنووستم بەڵام ڕوحم مردوو بوو. کاتێك کە ڕوح مردوو دەبێت، ناتوانم خودا بناسم و پەیوەندییەکی کەسیم لەگەڵدا هەبێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤی بێباوەڕ خاوەن ڕەوشتی باش بێت و کاری باش بکات. ئایا بۆچی خودا بە (مردوو) ناوی دەبات؟ مرۆڤی بێ باوەر دەتوانێت خاوەن ڕەوشتی باش بێت چونکە ئەو بوونەوەری خودایە! لەبەر ئەوەی خودا خۆی ئەم توانایانەی پێ بەخشیوە تەنانەت ئەگەر دانیشی بەوە نەنا. بەڵام مرۆڤی بێ باوەڕ هەڵناسێت بە ئەنجامدانی ئەم کارانە لە بەر خودا یان بە پشت بەستن بە خودا. چونکە ئەو متمانای بە خودا نییە و گوێڕایەڵی ناکات لە هیچ شتێکدا سوپاسی خودا ناکات و شکۆ ناداتە خودا (ڕۆما1: 21). بەم شێوەیە مرۆڤی بێ باوەڕ هەرچی بکات پەیوەندی بە خوداوە نییە ئەوەی کە خۆی ئاشکراکرد لە ڕێگای عیسای مەسیحدا. بۆیە بێ باوەڕ بۆ خۆی دەژێت. خۆپەرستە. تەنها لەدەوروبەری کەسایەتی خۆیتی و ژیانێکی سەربەخۆ دەژیت دوور لە خودا (ئەمە جیابوونەوەیە لە خودا) ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز ناوی دەبات بە (مردنی ڕوحی).

**پرسیاری 2** (ئەفەسۆس2: 1-4 ، 11-12) کێ بووم پێش ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنم؟ ئایا کاتێك کە بێ باوەڕ بووم ڕەوشتەکانم چی بوو؟

**تێبینییەکان:** پێش ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنم ئەم ڕەوشتانەم هەبوو:

ئـ) بە روح مردوو بووم. روحم خودای نەدەناسی. وامدەزانی کە خودا بوونی نییە. هەروەها وامدەزانی مرۆڤی بێتوانا خودای لەمێشکی خۆی بەدی هێناوە، منیش پێویستم بە خودا نییە.

ب) ڕێگای جیهانم گرتبووە بەر. لاسایی شێوەی ژیانی دەوروبەرمم دەکر و فێری ڕەوشتیان دەبووم. ئەو شتانەم دەکرد کە بەلای زۆربەی خەلك ڕاست و گرنگ بوو، هەروەها گرنگترین شت لە ژیانم سامان و ناوبانگ ودەسەلات بوو. تەنها لەبەر سەرکەوتن وناوبانگ دەژیام. تەنها بۆ خۆم دەژیام وەکوو ئەوانیتر.

پ) ڕێگای شەیتانم گرتبووە بەر. درۆم دەکرد هەروەك چۆن شەیتان درۆ دەکات. هەندێك جار دەچوومە لای جادوباز و هەندی چار ملوانکەیکم دادەنا تاوەکوو لە روحی درندە بمپارێزیت.

ت) بەپێی سروشتی هەڵەم دەژیام. زۆر درندەبووم بۆ پارە. هەمیشە خەریکی گێرانەوەی مەتەڵی بێمانا بووم و نەمدەتوانی چاوم بپارێزم . نەمدتوانی زاڵبمە سەر تورەیی. بەکورتی هەڵسووکەوتی ناخم بۆگەن بوو.

ج) لەبەر ئەوەی بێ باوەر بووم. خودا لە من توورە بوو. خودا ڕقی لە سەربەخۆیی و یاخی بوونی من دەبێتەوە، هەروەها ڕقی لەو بۆگەنییە دێت کە لە ناخمدایە.

چ) دابڕابووم لە عیسای مەسیح. نەمدەزانی کە خودای زیندوو لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە کار دەکات. تەنها گوێم لە خەڵکانی ئاینەکانیتر دەگرت کە دەربارەی عیسای مەسیح دەدوان بە بێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بدەم کە بزانم عیسای مەسیح چی کردووە و چی وتووە لە کتێبی پیرۆزدا. بۆیە بەتەواوی بەهەڵە تێگەیشتبووم لە عیسای مەسیح. هەروەها بە خراپە باسی مەسیحییەکانم دەکرد (قوتابیانی عیسای مەسیح).

ح) دابڕابووم لە گۆمەڵی ئیسرائیل. وشەی ئیسرائیل لێرە بەمانای نەتەوەی جوولەکە نایەت. ئیسرائیلی ڕاستەقینە تەنها لە گەلی خودا پێکدێت، واتا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو خودایە هەیە کە خۆی ئاشکرا کرد لە ڕێگای عیسای مەسیحی خوداوەند (ڕۆما9: 6). من یەکێك نەبووم لە گەلی خودا. بەشێوەیکی تایبەت نەمدەزانی کە کتێبی پیرۆز پەیمان و ڕێنەمای گرنگ بۆ ژیان بە خۆیەوە دەگرێت. هەروەها من دابڕابووم لە پارێزگاری و ڕێنەمایی خودا بۆ نەتەوەکەی.

خ) نامۆبووم لە پەیمانەکانی خودا. خودا پەیمانی بەستبوو لەگەڵ نەتەوەکەی. خودا چەن جارێك پێیانی وتبوو(من دەبمە خودای ئێوە، ئێوەش دەبنە گەلی من) خودا ویستی ڕزگارکاریان بێت. هەروەها ویستی بەدرێژایی ڕێگا یارمەتییان بدات وەکوو چۆن باوك منداڵی لە باوەش دەگرێت. خودا زیاتر لە جارێك و دوو جار پەیمانەکەی دووبارە کردەوە بۆ گەلەکەی. پێش ئەوەی پەیامی ئینجیل ببیستم وشەی خودام تاقینەکردبووەوە کە دەڵێت (من هاورێتم).

د) بێ هیوا بووم. هیچ ئامانجێکم نەبوو لە ژیان. نەمدەزانی هۆی بوونم چییە لەسەر زەوی و بۆ کوێدەچم پاش مردنم. هەردەم هەستم بە مەترسی و بێمتمانەیم دەکرد.

ر) بێ خوداوەند بووم لە جیهان. ژیانێك دەژیام بوونی خودای تیادا نەبوو. سەبارەت بەمن تاکە ڕاستی ژیان پارە و و سامان بوو. من بت پەرست بووم، تەنها بایەخم بە خۆم دەدا، بەواتایکی تر خۆم خودای خۆم بووم.

---

**پرسیاری 3** (ئەفەسۆس2: 4-7) ئەوە واتای چییە کە خودا زیندوومانی کرد و هەڵمانیساندەوە لەگەڵ عیسای مەسیح؟

**تێبینییەکان:** زۆرجار کتێبی پیرۆز دەڵێت کە باوەڕداران لەگەڵ عیسای مەسیح دەمرن. هەر لەگەل ئەوش هەڵدەستنەوە. لەگەڵ عیسای مەسیحدا دادەنیشن لە ئاسمان. ئەمە ئەوە دەگەینێت کە هەرچی ڕوودبدات لەگەڵ عیسای مەسیح کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر باوەڕدارەکان! واتای ئەم وشە کتێبییانە ئەوەیە کە خودای باوك (جیگایکی) باشی داوەتە عیسای مەسیح.

ئـ) خودا هەمان پلەوپایەی عیسای مەسیح دەداتە باوەڕداران. خودای باوك چۆن تەماشای عیسای مەسیح بکات بەهەمان شێوە تەماشای باوەڕداران دەکات. کاتێك کە خودا تەماشای باوەڕدار دەکات تەنها راستوودروستی عیسای مەسیح دەبینێت. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح مرد. سروشتی هەڵەی کۆنی باوەڕدار مردن. سزا دران، سەرزەنشت کران، لە خاچ دران، لەگەڵ عیسای مەسیح نێژران. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح لە نێو مردووان هەستایەوە، باوەڕداریش لە مردن هەستایەوە واتا سەرلەنوێ لەدایك بوو، ئێستاش خاوەن کەسایەتییێکی روحییە. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح لە ئاسماندا جێنشین بوو، جەستەی باوەڕداریش لە داهاتوودا هەڵدەستێت لە ئاسمان جێنشین دەبێت. بێگومان ئەوەی هاتە سەر عیسای مەسیح دێتە سەر هەموو باوەرداریێك! ئەوەی کە متمانەی ئەوەمان دەداتی کە خودا هەموو پەیمانەکانی جێبەجی دەکات سەبارەت بە ژیانی نوێ پلەوپایەی عیسای مەسیحە.

ب) هەروەها خودا (دوخ)ێکی نوێ دەداتە باوەڕداران. لە رێگای کاری روحی پیرۆز لە دڵی باوەڕداران. باوەڕدار بەراستی دەمرێت لە کاری گوناه و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات! ئەم دۆخەی باوەڕدار ئەوە دەسەلێنێت کە ژیان نوێ تاقی دەکاتەوە.

**پرسیاری 4** (ئەفسس 2: 8-10) ئەگەر کارە باشەکان رزگارم ناکەن کەواتە بۆچی پێویستە کاری باشە بکەم؟

**تێبینییەکان:**

ئـ) عیسای مەسیح هەموو کارێکی ئەنجامدا بۆ ئەوەی رزگاری بەدەست بهێنم! عیسای مەسیح مرد و هەستایەوە و چوو بۆ ئاسمان جێگای هەموو باوەڕدارێك. واتا عیسای مەسیح هەموو پێداویستییێکی ئامادەکرد بۆ ئەنجامدانی رزگاری. بە مردنی تووڕەی خودای لەبەر گوناهەکانمی لابرد و لە گوناهەکانم خۆش بوو. لە کۆیلەیەتی گوناه رزگارمی کرد. بەم شێوەیە ئایا چی ما بتوانم ئەنجامی بدەم؟ کاتێك کە باوەڕ بە عیسای مەسیح دەهێنم دەتوانم تەنها زرگاریەکەی قبول بکەم وەکوو بەخشینێکی تەواو وخۆرایی هەرچەندە من شایانی نییم! من شایانی رزگاری نییم، هەروەها ناتوانم بەخۆم رزگاری بەدەست بهێنم، لەبەر ئەمە خودا رزگاری پێبەخشیم چونکە خۆشیدەوێت و بەزەیی پێم دێت.

ب) ئەگەر کارە چاکەکان یان کردەوە ئاینییەکان توانای رزگار کردنمی هەبوایە، ئەوە لەکاری رزگاری عیسای مەسیح کەم دەکاتەوە. کەوابێت دەتوانم لە رۆژی لێپرسینەوە لەبەردەم خودا شانازی بکەم و بلێم من بەتوانای خۆم زرگاریم بەدەست هێنا، لەرێگای کارە چاکەکانم و کردەوە ئاینییەکانم. بەڵام کارە چاکەکانم و کردەوە ئاینییەکانم بەش ناکات تا ئەو رادەیە! ئەگەر ویستم بە رێگای کارە چاکەکان و کردەوە ئاینییەکان بێ تاوانبم، ئەوکات خودا داوای ئەوەم لێدەکات کە کارەکانم تەواو و بێ کەم و کوڕی بێت (گەلاتیا3: 10) (یاقوب 2: 10) بەڵام لەهەموو جیهاندا یەك کەسیش نییە کە هەموو کارەکانی تەواو و بێ کەم و کوڕی بێت (رۆما3: 10-12) بۆیە هیچ کەسێك بێ تاوان نابێت لەپێش خودا بە کارە چاکەکانی یان بە کردەوە ئاینییەکانی (گەلاتیا3: 11)! هەموو کەسێك ئایندارببێت یان نا، ناتوانێت بگاتە ئاستی پیرۆزی تەواوی خودا. هەرگیز هیچ کەسێك ناتوانێت بەکارە چاکەکانی یان بە کردەوە ئاینییەکانی بێ تاوان بێت یان رزگاری بەدەس بهێنێت. هیچ کەس ناتوانێت شانازی بکات بەرامبەر خودا!

پ) وەکوو باوەڕدارێك بە عیسای مەسیح پێویستە بەردەوامبم لە کاری چاکە وەکوو سوپاس کردنێك بۆ خودا لەبەر زرگاریەکەی. خودا زۆر کاری چاکەی بۆمان ئامادەکردووە کە لە جیهاندا ئەنجامی بدەین. کتێبی پیرۆز باسی ئەم کارە چاکانە دەکات. بۆیە پێویستە باوەڕدار دوو کار ئەنجام بدات:

1. ستایشی کارەکانی عیسای مەسیح بکات (کە پێك هاتووە لە مردن و هەستانەوە) کە بووە هۆی رزگاری.
2. کاری باش بکات وەکوو سوپاس کردنێکی خودا بۆ نیعمەتی رزگارکردن.

**پرسیاری 5** (ئەفەسۆس2: 16-22) ئێستا پاش باوەڕهێنانت بە عیسای مەسیح تۆ کێیت؟ چی شتێك جیاتدەکاتەوە وەکوو باوەردارێك بە عیسای مەسیح؟

**تێبینییەکان:** پاش ئەوەی باوەڕم بە عیسای مەسیح هێنا بوومە خاوەن کەسایەتییێکی نوێ. بوومە خاوەن ئەم چەند رەوشتە:

ئـ) لەگەڵ خودا ئاشتبوومەوە. هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەش ئاشتبوومەوە کە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێنا. بۆیە ئێستا دەتوانم بە ئاشتی لەگەڵ هەموو کەسێك بژیم لە جیهاندا.

ب) توانای ئەوەم بوو بچمە حزوری خودا. من لە حزوری ئەودا دەژیم، هەروەها بوونی راستی تاقی دەکەمەوە. من قسەی لەگەڵ دەکەم. گوێی لێدەگرم چیم پێ دەڵێ. هەردەم لەگەڵی دەبم لە ژیانی رۆژانەم (زبووری8: 16).

پ) بوومە هاوڵاتییێك لە گەڵی خودا. من ئەندامێکم لە شانشینی خودا. ئەندامێکم لە گرنگترین وڵات لە مێژووی رەگەزی مرۆڤ! ئەم شانشینە هەموو رۆژێك زیاد دەکات و گەورە دەبێت. رۆژێك لە رۆژان دەبێتە تاکە وڵات لە گەردووندا (دانیال2: 44)!

ت) بوومە ئەندامێك لە خێزانی خودا. (لە بنەماڵەی ماڵی خودا) یان (خێزانی خودا) لە جیهاندا ئەویش کڵێسایە. ئەو جیاوازیەم بوو کە بە خودا بڵێم (ئەی باوکمان لە ئاسمان). هەروەها بومە خاوەن چەندین (خوشك و برای باوەڕدار) لە هەموو جیهاندا!

ج) من بەشێکم لە پەرستگای نوێ خودا. ئەم پەرستگایە لە بەرد دروست نەکراوە، بەڵکو ئەو پەرستگایە زندووە. هەموو باوەڕداران لە ناو ئەوە دروست دەبن (وەکو بەردێکی زندوو) (1پەترۆس2: 4-5). خودا خۆی لەم پەرستگایە دادەنیشێت لەرێگای روحی پیرۆز. بۆیە خودا لە مندا دەژیت، هەروەها لە ناو هەموو باوەڕدارێکیش دەژی لە رێگای روحی پیرۆز!

هەنگاوی **4** جێبەجێ کردن

**بیربکەرەوە:** کام لەم راستییانەی کە لەم برگە کتێبییە هاتووە دەست دەدات وەك رێکخستنی کرداری بۆ باوەڕداران؟

**بەشداری بکە و بنووسە:** با پێکەوە هەندێ لەو رێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە (ئەفەسۆس2: 1 – 22) دەریبهێنین.

**بیربکەرەوە:** ئەو رێکخستنە پێشبینی کراوە چییە کە خودا دەیەوێت بیگۆڕیتە رێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم رێکخستنە کەسییە لە پەڕاوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی رێکخستنی کەسی کە خودا هاوێشتیتیە سەر دڵت. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت راستی جیاواز رێکدەخەن، یاخود لە هەمان راستی رێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمانەی خوارەوە لیستێکە بە هەندێ رێکخستنی پێشبینی کراوە).

چەند نموونەیەکی رێکخستنی پێشبینی کراو

(2: 1-4) بیربکەرەوە لەوەی مردوو بویت لەبەر ئەوەی لە رێگای هەڵە دەرۆیشتی.

(2: 5-8) بیربکەرەوە ئایا بەراستی لەگەڵ عیسای مەسیح هەڵسایتەوە، تۆ بەتەواوی زرگاری عیسای مەسیحت قبوڵ کرد کە لەپێناوت ئەنجامیدا، بۆ ئەوەی خودا تەنها مەسیح ببینێت کاتێك کە سەیرت دەکات.

(2: 9) بیربکەرەوە ئەگەر تا ئێستاش دەتەوێت رەزامەندی خودا بەدەست بێنیت لە رێگای راسپاردەکانی شەریعەت، یان لەرێگای کارە چاکەکان، یان لە رێگای کردەوە ئاینیەکان.

(2: 10) کتێبی پیرۆز بخوێنەوە و ئەو کارە چاکانە بدۆزەرەوە کە خودا بۆتی ئامادە کردوە تاوەکو ئەنجامی بدەیت.

(2: 14-17) بیربکەرەوە ئایا تا ئێستا بە رقەوە تەماشای ئەو باوەڕدارانە دەکەیت کە لە نەتەوە و رەگەزی جیاوازن.

(2: 3،18 :12) مەشق بکە لەسەر چوونە ژوورەوە بۆ حزوری خودا. لەبەر گوێگرتن لە دەنگی خودا و قسەکردن لەگەڵ خودا.

(2: 19) بیربکەرەوە ئەگەر خۆت بە هاوڵاتیەك دەزانیت لە شانشینی خودا یان کەسێك لە خێزانی خودا (ماڵی خودا).

(2: 22) بیربکەرەوە لەو راستییەی کە خودا لە کڵێسا جێنشین بووە لەرێگای روحی پیرۆزەوە.

چەند نموونەیەکی رێکخستنی کەسی

ئـ) بەیارمەتی خودا دەمەوێت وازبێنم لەپشت بەستن بە کارەکانی خۆم و کردەوە ئاینیەکان، بەڵکو پشت بەو راستییە ببەستم کە عیسای مەسیح لەپێناوی گوناهەکانم مرد، ئێستاش لە ناخمدا جێنشین بووە لە رێگای روحی پیرۆز.

ب) بەیارمەتی خودا دەمەویت بیروڕام بگۆڕم سەبارەت بەو باوەڕدارانەی لە رەگەزیترن، چونکە هەموومان ئەندامی خێزانی ئاسمانین.

هەنگاوی **5** نزا بکە

وەرن با پێکەوە بە نۆرە نزا بکەین، بە شێوەیەك کە هەر کەسێك بۆ راستییەك نزا بکات کە خودا فێری کردووین لە رێگای (ئەفەسۆس2: 1 – 22). (سەبارەت ئەو شتانە نزا بکە کە فێری بویت لەم خوێندنەوەیەدا. مەشق بکەن لەسەر نزای کورت لە یەك یان دوو رستە پێك بێت. لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت دەتوانن بۆ شتی جیاواز نزا بکەن).

## نزا

بە نۆرە وەکو گروپ نزا بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمرۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نزاکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمرۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

رابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە بەوەی یەکێك لەو نموونانەی رێکخستنی پێشبینی کراو ئەنجام بدەیت.

**خەڵوەتی روحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی روحی بە خوێندنەوەی نیو بەش رۆژانە لە (مەتا22: 1 – 25: 13).

شێوازی راستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخ کردن:** وردبەرەوە لە ئایەتی کتێبی نویێ، پاشان دەرخی بکە. (1کۆرینسۆس10: 13). رۆژانە بەو دوو بڕگەیەدا بچۆوە کە دەرخت کردووە.

**نزا:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نزا بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە**. تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی روحی، دەرخ کردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.